# کارنامەی مانا لە پەندەکانی(شێخ محمدی خاڵ)دا

پ.ی.د.سروشت جەوهەر حەوێز
زانکۆی کۆیە - فاکەڵتی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی
srusht.jawhar@koyauniversity.org

پ.ی.د. لوقمان رەئوف
پەیمانگەی تەکنیکی کوردستان

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە : ٢٠٢٤/٩/١٥** **بەرواری بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : ٢٠٢٥/٣/٩**

**پوختە:**

ئەدەبی فۆلکلۆر زانستێکی سەربەخۆیەو جێگەو پێگەیەکی بە هێزی لە لێکۆڵینەوەی فۆلکلۆری گەلاندا هەیە، چونکە پاشخانێکی رۆشنبیری گەلەو هەرگیز ناتوانرێت دەستی لێ هەڵبگیرێت، پەندی پێشینانیش پایەیەکی سەرەکی ئەم ئەدەبەیەو چەندین کارنامەی جیاواز و دەلالەتی جیاواز و گشتی گرتوتەخۆی، بەشێوازێک بووەتە ئاوێنەی رووداو و حاڵەت و........تاد گەلان.

ئەم توێژینەوەیە کارکردنە لەسەر کارنامەی پەند بەگشتی و ئەو کارنامەیەی کە بووتە چەقی مانا و دەلالەتەکان لە پەندەکانی شێخ محمدی خاڵدا، لەگەڵ دیاریکردنی جۆری پەندەکان لەسەر ئەو پۆلێنبەندییەی کە لە( رۆدلف زلهام)دیاریکردووە، هەروەها باس لە چەمک و پێناسەو گەشەی پەندکراوە لەگەڵ ئامانج و گرنگی و تایبەتمەندیدا ، لەگەڵ ئەمەشدا کارکردن لەسەر کارنامەی مێژوویی و چیرۆکی و لێکچواندنی و گەیاندنی....تاد کراوە، جگەلەمەش بەپێی کلتوری کۆن، جۆرەکانی پەند دیاریکراون، کە بەگشتی خۆیان لە پەندی پێوانەیی( پەخشانی، شیعری فەلسەفی، و....تاد دەبیننەوە.

**وشە سەرەکییەکان:** پەند، مانا، ڕۆڵ، کارنامە، پەروەردە

**ئامانجی توێژینەوەکە:**

- خستنەڕووی کارنامەی پەند.
- دیاریکردنی تایبەتمەندی پەند و گرنگی پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ.
- ناساندنی ئەو بابەتانەی کە بوونەتە کرۆکی پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ .

**پێشەکی**

پەند یەکێکە لە بەشە ئەدەبییەکان و خاوەن تایبەتمەندی و شێوازی خۆیەتی، ئەمە جگە لە جوانی گوزارشتکردن و خستنەڕووی، بەهۆی وێنەو ماناکەی، هەر بەهۆی ئەمەشەوە کاریگەری و جێکەوت لەسەر گوێگر دروستدەکات.

پەند بەشێکی گەورەی ئەزموونی ژیان هەم دەناسێنێت، هەم پێشکەش بە گوێگری دەکات، بۆیە وەک وێستگەیەکی بەهێزی بەها دادەنرێت، چونکە پەند کەرەستەو پێداویستی، یان کۆگایەکی مرۆییە و بە درێژایی مێژوو ماوەتەوەو بەشدارە لەو کۆگاکردنەدا، چونکە پوختەی کۆی ژیانی سەردەمەکانە، لەگەڵ ئەوەی "پەند خاوەن بەهایەکی فکری گەورەیە، تەنها ڕاستی و کارامەییەکان لە چوارچێوەی عەقڵدا ناخاتەڕوو، بەڵکو کارامەیی بۆچوون و هەستەکانیش نیشان دەدات"( عبید، 1987: 122)

مەسەلەی مانا و کارنامە یەکێکە لە گرنگترین ئەو بابەتانەی کە بیری مرۆڤیان هەرلەکۆنەوە سەرقاڵکردووە، چونکە کۆی پرۆسە ئەدەبییەکە لەدەوری مانادا دەخولێتەوە، بەمەش کارکردن لەسەری بەپێی روانینەکان( فەلسەفی، ئەدەبی، زمانەوانی، دەروونناسی، ئەنسرۆپۆلۆژی....تاد)و بوارە مەعریفیەکەو بایەخپێدانەکانیان بە مانا جیاوازی تێدا هەیە، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە سێبەری ماناکانەوە هەیە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:** هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە تائێستا لە ڕووی کارنامەی مانا وە لێکۆڵینەوە لە پەندەکانی(شێخ محمدی خاڵ)دا نەکراوە بۆیە لەم لایەنەوە هەست بەبوونی کەلێنێک دەکەین.

**گرینگی توێژینەوەکە:** گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە بەشێوەیەکی پوخت کارنامەی مانا لە پەنددا خراوەتەڕوو، ناسادنی ڕۆڵ و گرنگی پەندەکان لە دیدی شیخ محەمەدی خاڵدا و -دیاریکردنی کارنامەی ئەو پەندانەی خاڵ کۆیکردونەتەوەو دیارکردنی ڕۆڵ و تایبەتمەندی پەندەکان لە دیدی خاڵەوە.

**ئامانجی توێژینەوە:** خستنەڕووی کارنامەی پەندو دیاریکردنی تایبەتمەندی پەند و گرنگی پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ، ناساندنی ئەو بابەتانەی کە بوونەتە کرۆکی پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ .

**سنوری توێژینەوە:** سنوری توێژینەوەکەشمان لەچوارچێوەی چەمکی کارنامەی ماناو پەندەکانی شێخ محمدی خاڵ ە.

**ڕێبازی توێژینەوە:** لە نووسینی لێکۆڵینەوەکەدا پەیرەوی ڕێبازی مێژووی و وەسفی شیکاری کراوە، لە بەشی یەکەمدا لەڕووبمێژوویی و وەسفییەوە قسە لەسەر بابەتەکە کراوەو لە بەشی دووەمیشدا بە شیکاری بۆ ئەنجامی بابەتەکە ڕۆشتووین.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە جگە لەم پێشەکییە لە دوو بەش و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی باسەکە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی پێکهاتووە: لەبەشی یەکەمدا باس لە چەمک و پێناسەی پەندو مێژوو و گەشەسەندنی و پەندی شیعریی و ئامانج و گرنگی پەندو جۆرەکانی کراوە، لەبەشی دووەمیشدا باس لە کارنامەی مانا لە پەندەکانی شێخ محمدی خاڵدا کراوە وەک کارنامەی( پەروەردەیی، فێرکاری، مێژوویی، چیرۆکی، گەیاندنی، ئاکاری، دەروونی، .....تاد).

**بەشی یەکەم: چەمک و پێناسەی پەند**

لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا پەند بە واتای (ئامۆژگاری، دەرسی تەمێ کردن) هاتووە، (هەژار:1349،125 )، کەواتە خودی وشەکەو مەبەست و ماناکەی یەک سەرچاوەیان هەیە، بۆیە پەند پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە لە ڕێرەوی لێکچواندن لانادات، لەم بارەیەوە (ابو هیلال عەسکەری)دەڵێت"سەرچاوەی پەند لێکچواندنە لە نێوان دوو شتدا، وەک دەڵێین چۆن حوکم دەدەین، بە هەمان شێوە حوکم دەدرێین" (العسکری: 1964، 14)یان پەند "بریتییە لە وتەیەک بە هۆی شتێکی تایبەتەوە دەوترێت، پاشان دەچێت بۆ لێکچوونەکانی" (الیوسی: 1981، 19)

جرجانی دەڵێت"پەند ئەوەیە کەدەکرێتە نموونە، واتە ڕێژەیەک لەوی تر)( ابوعلی، د. محمد توفیق : 1988،ص33) یان (حکمەتێکە لە ئەزمونێکەوە بەرهەمهێنراوە، کە بە درکە، یان میتافۆر گوزارشتی لێدەکات، واتە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ"( الجرجانی:1981، 52)، هەروەهافارابی دەڵێت: "پەند ئەوەیە کە هەمووان لێی ڕازین، بە تایبەتی لە دەربڕین و ماناداا" السیوطی:د.ت، ٤٨٨)،محمد ابوصوفە دەڵێت: (پەند دوو ڕەهەندی هەیە، روخساری، کە تۆماری ڕووداوەکانە، لەگەڵ ناوەڕۆکی کە ئامۆژگارییەک دەگرێتەوە، بەمەش کورتدەکرێتەوە بۆئەوەی کە پەند چرای وتەکانە)( ابو صوفە: 1980، 17)

امیل بدیع یعقوب دەڵێت: ((پەند بریتییە لە کورتەیەکی ڕەوانی زۆر بەکارهێنراو، ئەوانەی دواتر لە پێشینانیان وەرگرتووە، خاوەنی ڕاستی ماناو ڕاستگۆییە، لەگەڵ ئاسانی زمان و جوانی)( یعقوب: 1980،16)، شێخ محمدی خاڵ دەڵێت"پەندی پێشینان وتارێکی کورتی، ڕێک و پێکی، جوانی، بەتامی، بەتەوژمی کاریگەرە، کە لەدڵ و دەرونێکی بێداری ئاوەدانی، ئاگاداری پێشینانەوە، هاتبێتەدەرەوە، لەدوای بەراورد و تاقیکردنەوەیەکی دوورو درێژ"(شێخ محمدی خاڵ،پەندی پێشینان، pdf،ب.چ، 6)یان(فەلسەفەی ژیان و دەنگی تاقیکردنەوەی جیهان و بەری ڕەوانبێژی و ڕەوانبێژانە)(خاڵ،ب.چ،6)

sjh@univsul.edu.iq

د. عزەدین مستەفا رەسوڵ دەڵێت" پەند بریتییە لە بەرهەمێکی زۆر کۆنی خەڵک، ئەم پەندە هەمیشە لای گەلانی سەرەتایی و سادە، فەلسەفەی ڕاستەقینەو کاری ڕەوشت و خووە، هەموو ڕاستییەک، هەموو ڕووداوێکی ژیانی ئادەمیزاد هەموو کردارێک چاک، یان خراپ، هەموو گەیشتنە ئەنجامێک کە میللەت گەیشتبێتێ، دەربارەی هەر چییەک بێت، ئەچێتە تەرازوی پەندی پێشینانەوە.)(رەسوڵ:1970 ،79)، یاخود (ڕستەو وتەیەکی کورتە، مانایەکی فراوان و قووڵی هەیە، زۆر جار ڕاست و ڕاست ئەنجامێک دەدات بەدەستەوە)( رەسوڵ:1970، 79)، کەواتە" پەندی پێشینان بـە وتـەیـەك دەڵێن، کە بە چەشنی سەمبولێك و جاری واش هەیـە، بـە چەشنە نەزمێکی وەك شیعر، مانایەك دەگـەیـەنێت و پەنـد و ئامۆژگاریەك دەکات" (ح.س: ٢٠٠٩، ١٣٦)، بۆیە پەند بەگشتی بنچینەکەی چیرۆکە، واتە ئەو هەڵوێستە سەرەکییەی بووەتە هۆی هاتنەئارای پەندەکە، چیرۆکێک، یان ڕوداوێک بووە، بەهۆی جیاوازی کاتەکان و جۆری دەربڕینەکان و نوسینەکان و توانستەکان وایکردووە لەم قاڵبەدا دەربکەوێت(رەئوف، ٢٠٢٣، ١٧٦)، یان پەند بریتییە لەو زانیاریانەی کە مرۆڤەکان لە ئەنجامی ئەزموونکردنی شتەکان و ڕەنگدانەوەی ئەزموونەکان سەریانهەڵداوە، بە ماناياکی تر بریتییە لە ئەزموون و وێنای ڕاستگۆیی مرۆڤ بۆ واقع و ڕوانین لە کردارەکان، ئامانجیش لە خودی پەند ئامۆژگاریکردن و ڕێنوێنیکردنی خەڵکییە بە گشتی، هەروەها خستنەڕووی ئەزموونی تاکە، بەمەبەستی ناساندن و ئەزموون پەیداکردنی ئەوانی تر(رەئوف، ٢٠٢٣، ١٧٨)، یاخود پەندی پێشینانی کوردی بەری تەجروبەو دنیادیدەیی گەلی کوردە)( رەسوڵ:1970، 91)

کەواتە پەند بریتییە لە وتەیەک لە بارەی شتێکەوەو دەچوێنرێت بە شتێکی دیکە بە هۆی لێکچواندنەکانەوە، بۆئەوەی مانایەکی بەهێز و قووڵ، لەهەمانکاتدا ئەزمووندار ببەخشێتە کۆمەڵگە.

**مێژوو و گەشەی پەند:**

پەند بەهۆی ئەوەی پەیوەندی بە دەربڕینەوە هەیەو پشتی بە گێڕانەوەی دەماودەم بەستووە نەک نوسین، بۆیە لەگەڵ بوونی مرۆڤ و دروستبوونی پەیوەندی و ئەزموونەکان سەریهەڵداوە، لەلایەک لەپێناو فێرکردن، لەلایەکی ترەوە گواستنەوەی ئەزموونەکان بۆ نەوەکانی دواتر، هەربۆیە هەموو هونەرو ئەدەب و....تاد سەرەتایەکی هەیە و کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ سەرهەڵدان و چەسپاندن و بەردەوامی، لە ئەدەبی جیهان و کوردیش، لە سەرەتاکانی ژیان و سەردەمی ئەفسانەکانەوە، پەند بەشێک بووە لە ناساندنی ڕووداو و دەوروبەرو پەروەردەو......تاد.

کۆنترین کۆمەڵەی کۆکراوە بریتییە لە کتێبی (قسەی پێشینان) کەلە ساڵی (1933) لەلایەن(ئیسماعیل حەقی شاوەیس)ەوە کۆکراوەتەوە. (رەسوڵ:1970 ، 78) دواتر (مەعروف جیاوگ لە ساڵی 1938 بەناوی (هەزار وتەو پەند) بڵاوکردەوە (رەسوڵ:1970،78)، پاشان (جگەر خوێن ) لە ساڵی 1957 (گوتنا پێشینا) ی لە شام چاپکراوە، دواتر (جەمیل کەننە) کۆمەڵێک پەندی کوردی لە ساڵی 1977 کردووە بە عەرەبی بە ناوی (مثال كردیە) (رەسوڵ:1970، 78)، دواتر شێخ محەمەدی خاڵ پەندی کۆکردەووە، پاشان پیرەمێرد پەندی کوردی کۆکردەوەو لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێک وتەی خۆی لەگەڵ پەندەکاندا شیکردۆتەوە، لەدوای ئەمانیشەوە چەندین کتێبی تایبەت بە فۆلکلۆرو پەندی کوردی بڵاوکراونەتەوە، هەموو ئەمانەش خەرمانێکی پڕ بەرەکەتی فۆلکلۆرو ڕۆشنبیری کوردی نیشانەدەدەن، کەواتە (مێژووی پەند بەندە بە گەشەی مێژوویی زاری ڕۆژانەی خەڵکەکەیەوە، چونکە ئەو زمانەیە، کە شیعر، یان هەر ژانرێکی تری پێنوسراوەتەوە، زمانی سەرزاری خەڵکی نییە، بەڵکو زمانی تایبەتە، زمانی شاعیران و نوسەرانە)( بلبالی، 2016، 25)

**پەندی شیعریی :**

لە ڕاستیدا پەیوەندییەکی هونەری و تەکنیکی لە نێوان پەند و شیعردا هەیە، ئەگەرچی پەندەکان لە بنچینەدا شیعر نەبوون، بەڵام دواتر بە هۆکاری کاریگەری شیعرو زمانی شیعرییەوە، ئەمانیش خراونەتە ئەو قاڵبەوە.

جگەلەمەش کۆنترین تێکست دەقی شیعرییە، لەگەڵ ئەوەی پەخشان پێش شیعر بوونی هەبووە، بۆیە شاعیرەکان ڕوویان لە بەکارهێنانی کردو شیعریان لێ دروستکرد، ئەمە لەلایەک بە بەهایی پەند بوو، چونکە پەند لە قاڵبی شیعرییدا بووەو زۆرتر لە ناوخەڵکیدا بڵاوبووەتەوەو کاریگەری و جێگەی دروستکردووە، بۆیە شاعیرەکانیش شیعرەکانیان لەسەر ئەم بنەمایە داناوە، واتە شیعر هەر لەسەرەتاوە بەهۆی پەندەکانەوە دروستبوون و فۆڕم و ژانرێکی تریان بەرهەمهێناوە.

سەبارەت بەوەی پەند هەیە تەنها وتە نییە، بەڵکو شیعریەتە، (د. عزالدين مصطفى رسول)دەڵێت: ((دەتوانین ئەم نیوە هۆنراوانە کە خاوەنیان دیارنین، ناوبنێین قسەی نەستەق و بەوە لە پەندی پێشینانیان جیابکەینەوە، بەلام لە پاڵ ئەم هۆنراوانەشدا زۆجار ئەبێ کە پەندی پێشینان خۆی هۆنراوەو خاوەنی هۆنراوەکە دیارنییە وەک :

لە شەل هەڵکەوتم خۆم دا بەکوێردا     خوا بەختی منی هەر لار و وێردا

یان ئەم دوو بەیتەی شێخی خاڵ لە سەرەتای پەندی پێشینانەکەیدا کردوویەتی بە نموونە، وەک دەڵێت:

ئاوی بروا بۆ ڕۆخانە          خۆیش بیخوا نەک بێگانە

یاخود دەڵێت:

بە زستانان پینەو پەڕۆ       هاوینان ورد وردیرۆ

زۆجاریش پەندی پێشینان هۆنراوە نییە، بەڵکو دوو بەشەو کەبەشێکیان به (سەجع)ێکی یەک قافیە دێتەوە، وەک دەڵێ( ئەگەر گۆشت گرانە، نەخواردنی هەرزانە) (رەسوڵ:1970،81)، جگە لەمەش سەبارەت بەوەی پەندی پێشینان فروانترەو ژانەری تری لەخۆگرتووە، د. عزەدین مستەفا رەسوڵ دەڵێت" پەندی پێشینان لەگەڵ خۆیدا بەشێکی تری فولکلۆر ئەهێنێتەکایەوە، کە ئەویش کورتە چیرۆکە، چونکە هەموو پەندێک سەرەتایەکی هەیە، واتە شتێک قەومانێک و کارەساتێک، ڕوداوێک ڕووی داوە، لە ئەنجامی ئەوەدا ئەو پیاوە ژیرە ئەو قسەیەی کردووە، کە بووە بە پەند و مەسەل و بڵاوبۆتەوەو ماوەتەوە)( رەسوڵ:89،1970)

**لەنێوان پەندو شیعردا**

پەندو شیعر دوو جۆری ئەدەبین و هەردووکیان کار لەسەر ئامانجی مرۆیی دەکەن، بەلام هەریەکەیان بەڕێگەو شیوازی خۆی، بۆیەبێگومان هەردووکیان دوو جۆری ئەدەبین، لەگەڵ ئەوەی تایبەتمەندی هەریەکەیان جیاوازە، بەلام ڕووی گوزارشتکردن لە ژیان و دەوروبەر، جیاوازییەکانیان دەستپێدەکات، بۆیە شاعیران ڕازاندنەوەو زیادەڕۆیی تێدایە، بەلام پەند بەبێ ئەمانەیە و زیاتر وێنای واقیع دەکات )( عبید،1987، 78)

جگە لەمەش پەندەکان ڕاستگۆییان تێدایە، بەو مانایەی هەست و سۆز بەسەریدا زاڵ نییەو خەیاڵ باڵی بەسەردا نەکێشاوەو باسی واقیع دەکات.( توفیق،1992،ص10) ، بەو مانایەی پەندەکان لەسەر بنەمای ئەزموون، یان ژیانە پراکتیکیەکە هاتووەتە ئاراوە، بۆیە ئەم بۆچوونەی لەسەر خراوەتەروو، ئەگەرنا شیعریش بەشێکە لە ژیان و نەست و ڕوانینو خەیاڵزای شاعیر.

**ئامانجی پەند:**

پەند بەهۆی ڕۆڵ و پێگەکەیەوە کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە هەیە، مرۆڤیش ئەوەندەی لە جیهانە بچوکەکەیدا، واتە ئەزموونەکەیدا دەژی، لە جیهانە گەورەکەدا ناژیت، بۆیە کۆمەڵێک ئامانج لە خۆدەگرێت:

١-هۆکارێکە بۆ گواستنەوەی ئەزموونەکانی تاک.

٢-هۆکارە بۆ بەشداربپێکردنی خەڵکی لە خۆشی و ناخۆشییەکان.

٣- وەرگرتنی پەند لە ئەزموونەکان.

٤- چاودێریکردنی ڕەفتاری مرۆڤ، لە حاڵ و هەڵوێستە گۆڕانکاریەکاندا .

٥-گەیاندنی گوزارشتی دەساودەستکردنی ئەزموونەکانە، چونکە خودی پەند گوزارشتکردنە لە واقیع.

٦-لەبەرئەوەی سەرچاوەی پەند کرۆکی گەلە، بۆیە ئامانجی خستنەڕووی وێنەی ژیانی کۆمەڵگەیە.

sjh@univsul.edu.iq

٨-هۆکارێکە بۆ هێورکردنەوەی لایەنی دەروونی مرۆڤ، چونکە کاریگەری بەهێزی لەسەر گوێگر هەیە.

٩- ڕەنگدانەوەی داب و نەریتی کۆمەڵگەکانە.

**گرنگی پەند:**

پەند بەهۆی ئەوەی چەند بنەمایەکی تێدایە، وایکردووە پەند هەمیشە بە گرنگی و بایەخەوە سەیربکەین و لەناو خەڵکیدا بەکاربهێنرێت، بۆنموونە:

١- بەکارهێنانی ڕەوانبێژی و زمانی ئاماژەو نیشانە لە پەندەکاندا.

٢- پرۆسەی بەردەوامی و دروستکردنی کاریگەری لەسەر خەڵکی.

٣- بەبەڵگەیی و حاشاهەڵنەگری لە سەلماندندا .

٤- گوزارشتکردن لە کۆی کۆمەڵگەدا.

٥- پەیوەندی بە چیرۆک و ڕووداوەکانەوە هەیە، چونکە هەم خۆی چیرۆکە، هەم ئەزموونی بەسود.

**جۆرەکانی پەند:**

( ڕۆدلف زلهایم)ی ڕۆژهەڵاتناس چوارجۆر پەندی عەرەبی دیاریکردووە، کە بریتییە لە:

١- پەندی حیکمەتدار(فەلسەفی): ئەو جۆرەیە کە گوزارشتێکی کورتەو تێیدا حیکمەتێک دەخاتەڕوو، کە هەڵگری بەهاو پرنسیپێکە.

٢-پەندی وێنەیی: گوزارشتێکی ناڕاستەوخۆ، یان وێنەی ئەزموونێکی دیاریکراوە، بەوپێیەی وێنەو ڕووداوەکە وەک یەکن، یان لە یەکچوون.

٣-پەندی لۆژیکی: ئەو پەندەیە بارودۆخی دووبارەو پەیوەندی مرۆیی لە وێنەکەدا دەردەخات، لەوانەشە بەشێک بێت لە ڕستەکە، یان دەربڕینەکە.

٤- پەندی تەقلیدی و دەستاودەستکراو( متداول): ئەمجۆرەیان لە گوتارو نزادا زۆرتر بەکاردێت، بریتییە لەو دەستەواژانەی کە زمانەکان دەتوانن بەکاریانبهێنن و وەریبگرن .

بەدەر لەم دابەشکردنەش، (ڕۆدلف زلهایم) دابەشکردنێکی کاتی مێژوویی بۆ پەند کردووە، کە بریتییە لە : 1- پەندی کۆن، 2- پەندی نوێ، 3- پەندی هاوچەرخ)(رودلف زلهایم، الامثال العربیە القدیمە، ت د. رمضان عبدالتواب، موسسە الرسالە، بیروت، 1971،43)

(قەلقەشەندی)یش پەندی کردووە بە دوو بەشەوە :

یەکەم : زوو تێگەیشتن بەهۆی دەرکەوتنی مانا و دەورانکردنی لە ناو خەڵکیدا.

دووەم: درەنگ تێگەیشتن و کەمی دەورانکردنی لە ناوخەڵکیدا.( القلقشندی ،1981، 18 )

پەندی زوو تێگەیشتن، مەبەست لەو پەندانەیە کە زوور تێدەگەین، پێویستیان بە بیرکردنەوەی بیری ورد، یان قووڵ نییەو بە ئاسانی هەمووان لێیان تێدەگەن، بۆیە کارنامەکەشی بە پێی ماناکانی و لێکچواندنەکەی ئاسانە،بەڵام پەندی درەنگ تێگەیشتن، ئەوانەن کەلە ماناکانیان ناگەین، تا ئەوکاتەی لە ناو خەڵکی بەکاردێن ئەوکاتە لە ماناکەی و بنچینەی مەبەستەکە دەگەین .

کەواتە دەتوانین بڵێین بەگشتی چەند جۆرێک پەند هەیەو بە شێوازی جیاواز نوسروان، لەوانە:

١-پەندی شیعریی:

ئێوارە وەختە    چرپن بەبەختە ....ل64

بە خاڵە خاڵە هات بەلامەوە، بووبە هەژدیها دای بە پامەوە....ل74

٢-پەندی پەخشانی:

ئینسانی غەریب  لەبەرەوە پێی ئەڵێن دانی قەوییەو لە پێشەوە پێی ئەڵێن قنگی قەویە...ل64

لەناو ئەمانەشدا چەند جۆرێکی تر هەن، لەوانە:

(گوزارشتی پەند یان پەندی گوزارشتی، پەندی گاڵتە ئامێزی، پەندی چیرۆکی لەسەر زمانی ئاژەڵان، پەندی ئایینی، پەندی مەتەڵی(لغزی)

**تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پەند:**

پەند بەدرێژایی مێژوو، خاوەن چەند تایبەتمەندێکی بنەڕتی و سەرەکی بووە، هەر ئەمەش وایکردووە بەردەوام ڕۆڵ و پێگەی خۆی لەناو کۆمەڵگەدا بگێرێت، لەوانە:

1- بەبەردەوامی بەکارهێنانی: بەومانایەی پەند تاوەکو بەکارنەهێنرێت و لەناو خەڵکی لە ماڵەجیاکاندا بڵاونەبێتەوە، نابێتە پەند.

2- بە جێگیری مانەوە: بەو مانایەی بنچینەی ماناکەی ناگۆڕێت، کە ماناکەی لێ دروست بووە .

3- بە درکە بوون: بەو مانایەی، ماناکەی بە ڕاستەوخۆیی و ڕاشکاوی ناگەیەنێت، بەڵکو مەبەست لێی بیرهێنانەوەی وێنەو دۆخەکەی پێشووترە، کە لە ئێستا دەچێت و بەراوردیدەکات، بەمەش میتافۆرێک دەخاتەڕوو)( قطامش،د. ط، 269)

**بەشی دووەم: کارنامەی مانا لە پەندەکانی  شێخ محمدی خاڵ دا**

ئەوەی جێگەی تێڕامانە لەدەقدا پەیوەندێکی بەهێزو مانایی لە نێوان نێرەرو پەیام و وەرگرو پرۆسەی پەیوەندیکردن و کۆنتێکست و کۆدەکاندا هەیە، هەموو ئەم پەیوەندیاناش لەرێگەی کارنامەکانیانەوە دەخرێتەروو، بەمانایەکی دی زۆربەی کارنامەکان لەرێگەی دەقەوە دەردەکەون، چونکە دەقەکە سروشتی ئەم کارنامەیە دیاریدەکات، کارنامەش واتە خستنەروو یان ناسێنەرو پەیرەوی دەقەکەیە، بەم پێیەش بێت کارنامە، بریتییە لە کۆی ئەو ئەرکانەی کەدەکەونە ئەستۆی پەندەکە، لەپێناو گێرانی رۆڵی خۆی لەدەقەکەدا، (جرجانی)دەڵێت"وشە یان ئاخاوتن دوو جۆری هەیە، یەکەمیان بە ئاماژەدان بە وشەکە ئامانجەکە دەپێکێت، واتە هەمان ماناکە دەدات بە خوێنەر، دووەمیان ئەوەیە وشە ئامانج ناپێکێت، بەڵکو ئاماژەی تر مانا مەبەستدارەکە دەدات بەدەستەوە"( الجرجانی:1981،263)، بەم پێیەش بێت مانا بریتییە لە چەمکی ڕواڵەتی وشەو مانای ماناکە، کە بریتییە لە تێگەیشتن لە مانای  ڕواڵەتییەکەو مانایەکەی ترمان دەستدەکەوێت)(الجرجانی:1981،263)، کەواتە چ لە ڕوانگەی جرجانی، هەروەها سوسێریش مەبەست لە مانا ئەو مەبەستەیە، کە لە وشەکەوە وەردەگیرێت، بۆیە مانا شاراوەکانیش ڕاستەوخۆ دڵ و مێشک هەستیان پێدەکەن، چونکە مانا وێنەی زەینی وشەکانە، بەم پێیەش چەند وێنەیەکی زەینی لە وشەدا بوونی هەیە، وەک لەم خشتەیەدا خراوەتەروو:



کەواتە مانا لەڕێگەی هەریەکە لە مانەوە بەدەستدێت و بە پێی بنەمای خۆشی ڕۆڵی دەبێت، (ابن فارس) لەبارەی ماناوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئەو گوزارشتانە سەرچاوەیان سێ شتە (مانا، شیکردنەوە(تفسیر)، ڕاڤەکردن(تآویل).

لە پەندیشدا مانای شیکاری ڕۆڵی خۆی هەیە، زۆرجاریش مانایەکی کرداری ڕۆڵی هەیە، بەو مانایەی ئەوەندەی کردارەکە ماناکە دەدات بەدەستەوە، مانای ماناکە مەبەستەکە نادات بەدەستەوە، لەم سۆنگەوە ئەو پەندانەی کە شێخ محمدی خاڵ کۆیکردونەتەوە لە چەند ڕوویەکەوە هەڵگری کارنامەی جیاوازن، چونکە هەریەکەیان بۆ ئەرک و بەرپرسیاریەتییەک نوسیووە، بەمەبەستی دروستکردنی گیانی فێربوون و سەرهەڵدان و بەرپرسیارییەتی، بۆنمونە:

**١-کارنامەی پەروەردەیی فێرکاری:**

ئەمجۆرە زۆرجار لەگەڵ کارنامەی ئاکاریدا تێکەڵدەبێت، بەوپێیەی کارنامەی پەروەردریی، یان فێرکاریش هەمان بنەمای ئاکاری تێدایەو کار لەسەر ئەمە دەکەن، بەڵام ئەو بوارەی تایبەتە بە فێرکاری، دەبێتە خاڵێکی جیاکردنەوەی لەگەڵ ئەوانی تردا، چونکە (فێرکردنی تاک ڕێگەی فێربوونە لەسایەی ئەو ئەزموونەی کە پەند لە خۆی گرتوە، جگەلەمەش پەند قوتابخانەیەکەو تاک لە ڕێگەیەوە فێری ڕەفتارو هەڵسوکەوت و ڕێگەی ڕاستی ژیان دەبێت و بەوهۆیەوە گەشەیەکی کۆمەڵایەتی دروستدەکات)(شعلان :47،1972)، بۆیە مەبەست لەو پەندانەیە کە تێدا کار لەسەر پەروەردەکردن ودروستکردنی گیانی فێرکاریدەکەن.

مەبەست لەو پەندەیە کە دەیەوێت لەرێگەی گواستنەوەی ئەزموونێکەوە، پەیامێک و کردەیەکی پەروەردەیی، فێری خوێنەر، یان گوێگرەکەی بکات، یاخود مەبەست لەو پەندانەن، کە تێیدا پەیامێکی پەروەردەیی و دروستکردنی، یان فێرکاری دەدەنە خوێنەر، یان گوێگر، لەپێناو سود پێگەیاندنی، یان گۆڕینی بۆچوونەکانی لەسەر ئەو شتەی کە ڕوانینێکی تر، یان لادانی هەیە، وەک دەڵێت:

ئاسنی سارد بە فوو گەرم نابێ

کۆنتێکستی دەقەکە ئەو پەیامە دەدات بە خوێنەر، یان گوێگر، کە هیچ کارێک بەبێ ماندوبوون و هەوڵدانێکی زۆر ئەنجامی نابێت، بۆیە هەر لەسەرەتاوە گیانی پشودرێژی دروستدەکات، بەمانایەک لەلایەک پەروەردەی کەسەکە دەکات لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی، لەلایەکی تریشەوە فێری ئەوەی دەکات، کار لەخۆوە نابێت، یان دەڵێت:

ئاسنی سارد مەکوتە. ....ل14.

ئەمەش تەواوکەری پەندی پێشووە کە کات لە کارێکدا بەسەر مەبە، کە ئەنجامی نابێت، یاخود دەڵێت:

ئاشی ئاو بە ئاو ئەگەرێ..... ل١٨

دەیەوێ ئەوە بڵێت کە هەموو شتێک زمان و کلیل و ....تاد خۆی هەیە و دەبێت بۆ کردنەوەی هەمان شت، یان زمانی خۆی بەکاربهێنێت، ئەگەرنا هەوڵەکانت بەبێ ئاکام دەبن.

یان: پیاو قوتابییەو ڕۆژگار مامۆستا...ل118

خودی ئەم پەندە هەم پێناسەیە، هەم تایبەتمەندی، هەم کارنامەی پەندی لەخۆ گرتووە، بەوەی مرۆڤ هەتاوەکو لە ژیاندایە هەر قوتابی ڕۆژگارە و سود لەڕۆژگار وەردگرێت، بۆیە ڕۆژگاریش هەمیشە مامۆستای مرۆڤەکانە، کۆی پەندیش ڕەنگدانەوەی ئەم ئەزموونەی ڕۆژگارە لە قاڵبی دەقدا.

**٢- کارنامەی مێژوویی:**

مەبەست لەو پەندانەن، کە هەڵگری ڕەهەند و کارنامەی مێژوویین، جگەلەمەش ڕاستی مێژوویی لە چوارچێوەیەکی ئەدەبیدا دەخاتەڕوو، واتە باسکردنە لە ڕووداوە مێژووییەکان، یان ئەوەی ئەوەی لە رابردوودا بووەو ڕوویداوە، یان ئەو پەندانەن کە هەڵگری بەشێک لە بەسەرهات و ڕووداوی مێژووییین، وەک دەڵێت:

ئەوەی پشتی ناهەق دەگرێ نۆکەری زاڵمە ....ل57

دەیەوێت بڵێت ئەوانەی پێشتر لەگەڵ ناهەقی بوون، ئەوانە بوون کە نۆکەری ئاغاو دەرەبەگ بوون، لەپێناو دەسکەوتی خۆیان بۆ پشتگیری ناهەقی دەکات، لە مێژوشدا ڕووداو کەسی لەم شیوەیە زۆر هەبوون، بەمانایەکی تر مێژوویەک لە خیانەت و ئەو ناهەقیانەی کە لە رابردوودا رویان داوە، لەناو ئەم پەندانەدا حەشارداوە، چونکە ئەوەی زاڵمەو زوڵمدەکات، نۆکەرەکانی ئەنجامیدەدەن، نەک خودی خۆی.

**٣-کارنامەی چیرۆکی:**

لەراستیدا خودی پەند لە بنچینەدا لە ڕووداوێکەوە، یان بەسەرهاتێکەوە بەرهەم هاتووە، بۆیە لە خودی چیرۆکدا گەیاندنی پەیامە چیرۆکییەکە لە قاڵبی وتەدا خراوەتەڕوو، ئەوەندەش هەیە چیرۆک بنچینەو لە پێشتربووە، پاشان بەهۆیەوە پەندەکان بەرهەم هاتوون، یان مەبەست لەو پەندەیە کە لە ڕووداوێک, یان چیرۆکێکەوە دروستبووە، بەمانایەکی تر چیرۆک سەرچاوەیەکی سەرەکی بەپیتی پەندە، چونکە خودی پەند پوختەی چیرۆک و ڕووداوەکانە، هەر لەبەر ئەمەش پەند دوو پەیامی سەرەکی هەیە:

یەکەم: چواندن و ئاماژەدانی ڕووداوێک بە ڕووداوێکی تر.

دووەم: زوو بڵاوبوونەوەو دروستکردنی جێکەوت لای گوێگرەکەی.

کەواتە ئەم کارنامەیە کار لەسەر ئەو پەندانە دەکات، کە لەخۆگری ڕووداو و بەسەرهاتێکی مێژویین و بۆ خوێنەریان دەگێرێتەوە، بەمەبەستی سودوەرگرتن لێیان وەک دەڵێت:

ئاخ زۆرە، پەی زاتێ....ل11

شیخ محەمەدی خاڵ سەبارەت بەهۆکاری دروستبوونی ئەم پەندە دەڵێت" ئەم پەندە لە ڕووداوی دواکەوتنی دزێکەوە هاتووە، دەیەوێت کابرایەک ڕووتبکاتەوە، بەوەی کابراکە گوێدرێژێکی پێیە و دەزانێ دزە بەنیازی چییە، بۆیە گوێدرێژەکەی تاودەدات و لە پڕ دەکەوێتە ناو قوڕێک لە ترسی دزە دەچێتە ژێر کەرەکەو بەرزی دەکاتەوە تا ڕزگاریان بێت، دزەش ئەم هێزەی دەبینێ سڵدەکاتەوە، بەڵام کە گوێی لە کابرا دەبێ ئەم پەندە دەڵێ بۆی دەگەڕێتەوەو ڕوتی دەکاتەوە، کەواتە خودی پەندە چیرۆکییەکە و خودی چیرۆکەکەش هەڵگری پەیامێکە لە کۆنتێکستی دەقەکەوە وەرگیراوە، یان دروسبووە)(خاڵ،ب.چ :11)

یاخود : ئاردبێژان و گیان کێشان....ل12

بەهەمان شێوە ڕووداوێکی نێوان ژن و پیاوێکە، کە بەهۆی پەیمانی خۆی لەگەڵ دۆستەکەی نانی نەکردووەو دواتر بۆسەلماندی زەحمەتی ئاردبێژانەوە هێڵەکەکەی تەڕکردووە و داویەتی بەمێردەکەی و وتویەتی فەرموو بیبێژەرەوە، کەواتە دەقەکە هەڵگری پەیامێکە، ئیدی پیویستی بە تاقیکردنەوەی پراکتیکی کارەکە نییە، چونکە خودی پەندەکە ئەنجامەکەش دەناسێنێت، نەک هەر کارەکە.

**٤- کارنامەی گەیاندنی:**

پەندیش بە هەمان ژانرەکانی تر، ئامانجی گەیاندن و دروستکردنی پەیوەندییە، لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەکاندا، ئەمەش بە ڕێگەی ئەزموونی ڕابردوو و گواستنەوەی ئەم ئەزموونانە بۆ شوێنەکانی دی، لەگەڵ ئەمەشدا سەرچاوەیەکی بەدەستهێنانی زانیارییە، بەمەش ئەزموونەکان لە فەوتان دەپارێزێت، یان ئەو کارنامەیە، کە لە ڕێگەیەوە شتێک کە سودی هەیە، دەرنجامەکەی بە بەرامبەر دەگەیەنێت، وەک دەڵێت:

ئەسپ پێیەکی ڕەنجە پێیەکی گەنجە.....ل24.

واتە هەرچی تیا خەرج بکەی لەبەرامبەردا بەهرەو سودی لێوەردەگرێتەوە.

یان مەبەست لەم کارنامەیە، کە پەیامێک جێگەی هەڵوێستهیە دەیگەیەنێتە بەرامبەر، بۆ نمونە :

بە ڕیش بوایە بزن سەردار ئەبوو....ل77

لەم پەندەدا کۆمەڵێک کارنامە دەخوێنرێتەوە، بەڵام ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە، پەیامە کاریگەرەکە دەیگەیەنێتە بەرامبەر، بەوەی پێویستە هەڵوێستە لەسەر هەموو شتێک بکەی.

یان: تینو هەرئاوی لە بیرە....ل142

واتە مرۆڤ بەدوای ئەو شتە زۆر پێویستیەوەیە کە نییەتی، دەیەوێت بڵێت ڕەفتارەکان ڕەنگدانەوەی بیرکردنەوەو بۆچوونەکانن، بۆیە لە ڕێگەی ئەم ساتەشەوە دەتوانین مرۆڤەکان هەڵسەنگێنین.

**٥- کارنامەی ئاکاری:**

لەبەرئەوەی پەند وەک بنەمایەکی دسیپلینی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، چونکە ئەزموونێکی کۆمەڵایەتی پێشکەشدەکات و ڕەنگدانەوەو پەرچەکرداری دەبێت لەسەر کۆمەڵگەو بەتایبەتی لە ڕوانگەی ئاکارییەوە، بۆیە وەک جۆرێک پارێزەری داب و نەریتەکانی کۆمەڵگە دادەنرێت، کە لە لەناوچوون، هەر بۆیە (پەند چوارچێوەیەکە بۆ بوارە مرۆییەکان و بەها ئاکارییەکانی دیاریدەکات)(جلاوجی: 1981،16)، یان مەبەست لەم جۆرە ئەو بەها مرۆییە باڵایانەیە، کە مرۆڤ هەر لەسەرەتاوە ناسیونی و پیادەیدەکەن، لەگەڵ ئەوەی لەکۆمەڵگەیەک بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، بەڵام لەسەر بنەما گشتییەکە هەمووان لەسەری کۆکن وەک (درۆکردن، خۆبەگەورەزانین، نادادپەروەری...تاد)، بۆیە دەیەوێت لەڕێگەی ئەم ئەرکەوە چاکسازی دەروونی و رەفتاری و.....تاد لەکۆمەڵگەدا بکات، یان مەبەست لەو ئەرکەیە، کە پەندەکە دەیگەیێنێت، ئیدی ئاکاری باش، یان خراپ بێت، وەک دەڵێت:

بەر لە مەلا ئەچێتە مزگەوت.....87

دەشێ بۆ زۆرباشی کەسەکەبێت کە باوەڕدارە، یان بۆ خراپی ئاکار بێت کە ریاکارە.

یان: بەر لەوەستا دوکان گەرم ئەکا ....ل87

یان: تا ما راندی کە مردیش تراندی....ل128

ئەم پەندە دەیەوێت ئاکاری ناپەسەندی مرۆڤێک بناسێنێت، لە ژیان و مردنیشدا دەردەسەری بووە بۆ هاوسەرەکەی، بەوەی لە ژیاندا ئاکاری خراپ بووە، هەم لەگەڵ ژنەکەی، هەم خەڵکی، دوای مردنیشی ئاکارە خراپەکانی ژنەکە دەخاتە ژێر بەرپرسیاریەتی و لێپرسینەوەیان، ئەمەش لەپێناو ئەوەی ئەو جێکەوتە دروستبکات، کە گیانی شەرەنگێزی و خراپەکاری لای گوێگر، یان خوێنەر بسڕێتەوە.

**٦-کارنامەی دەروونی:**

بریتییە لەو کارنامەیەی کە حەزو خواستی مرۆڤی باڵی بەسەر کۆنتێکستەکەدا گرتووەو جۆرێک لە لوتبەرزی و خۆویستی تێدایە، بەخۆشییەوە کاریگەری و جێکەوت لەسەر عەقڵی کەسەکە دروستکردووە، لەم بارەوە نیچە دەڵێت: (هەواو ئارەزوو رێکخستنێکی نوێ بۆ شتەکان دەکات، بۆیە بۆچونمان بەرامبەر ژیان دەگۆڕێت)(صلیبا،:2013، ص298)، یاخود مەبەست لەو پەیامەیە کە کاریگەری لەسەر نەستی بەرامبەر دروستدەکات، لەپێناو دروستکردنی گۆڕانکاری وەک دەڵێت:

ئاوی سوێر تینویەتی ناشکێنێ.....ل22

واتە نابێت بە پێچەوانەی شتەکانەوە کاربکەیت، دەبێت خوێندنەوە بۆ هەموو شتێک هەبێت و لە خۆوە کارنەکەیت، بۆیە راستەوخۆ ئاوی سوێر جێکەوت و کاریگەری لەسەر خوێنەر دروستدەکات و ئەنجامەکەش دەناسێنێت.

**٧- کارنامەی ڕوونکردنەوەیی:**

مەبەست لەم پەندانەیە کەلە پلەیەکی هۆکاری ڕوونکردنەوەییدان، یان هۆکاری ئەنجامن، واتە ئەرکی پەندەکە خستنەوو، یان شیکردنەوە لەسەر شتەکان دەکات، لەپێناو رونکردنەوەی زیاترو گەیشتنە مەبەست، یان ئەو کارنامەیە کە خودی دەق هەڵگری ڕوونکردنەوەیەکی وردەو بەهێزە و پێویستە خوێنەر لەم ڕوانگەوە بەدوای ماناکەیدا بگەڕێت. وەک دەڵێت:

ئەوەی ناوکی بوێ دەبێ توێکڵ بشکێنێ.....ل61

دەیەوێت ئەوە بڵێت، هیچ شتێک بەبێ کارو ماندوبوون بەدەستنایەت، بۆیە دەبێت هەموو هەوڵێک بدەیت، تا دەگەی بەو شتەی خۆت دەتەوێت، بەبێ گوێدانە بەربەستەکان، واتە دەبێت بەڕەنج بەدەستی بهێنیت.

یان: بە تەماشا نابێتە پاشا ....ل7

ئەم پەندە ئەوە دەخاتەڕوو، هیچ شتێک لە خۆوە نابێت، بەومانایەی نابێت دەستەوەستان بیت و لەگەڵیشیدا بەتەمای ئاکام بێت و ئەنجامی کارت لە هەوڵدانەکانتدایە، بۆیە لەم ڕێگەیەوە چاوەڕێی بەرهەمەکانت ببە.

یان: پیاو بوخچەیە تا نەیکەیتەوە نازانی چی تیایە...ل17

دەیەوێت ئەوە بڵێت هەڵسەنگاندن بە ڕوخسار نییە، بەڵکو بەلێکدانەوەیە، یان خوێندنەوەیە، بۆیە بۆئەوەی بیانناسیت، دەبێت لێکدانەوەو هەڵسەنگاندن بەپێی بنەمای کارکردن بۆبکەین.

یان: تیری بێ نیشان مەوەشێنە.... ل141

واتە نابێت مرۆڤ هیچ کاتێک، نابێت بەبێ ئامانج هەنگاوبنێت، نابێت هۆکارێک لەپێناو کارێکی بێ ئەنجامی نادیاردا بگرێتەبەر، دەبێت هەمووکات بەرچاو ڕوونبێت، ئینجا هەنگاوبنێت.

**٨- کارنامەی لێکچوونی:**

مەبەست لەو کارنامەیە، کە پەیامەکەی لەڕێگەی لەوچووەوە دەیەوێت لێکچواندنی و لێکچوونی لەنێوان ڕووداوەکەدا دروستبکات، لەپێناو گەیاندنی پەیام و دەرخستنی کارنامەکەی، پەند وەک هەر دەقێکی تر لێکچوون بەشێکە لە پێکهاتەکەی، لەگەڵ ئەوەی"چوار شت لە پەندا هەن، کە لە هیچ ئاخاوتنێکی تردا نین، یان یەک ناگرنەوە، کورتی، ڕاستی مانا، لێکچواندنی باش، کوالێتی میتافۆر کە کۆتایی ڕەوانبێژییە"( التوحیدی، 2003،36)، وەک دەڵێت:

ئاگر لە کای کۆن بەرنەبێ....17.

واتە عاشق وەک ئاگر لە کای کۆن(یەکەم عیشق) بەرنەبێ، چونکە ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت،چ دەرونی، چ جەستەیی، یان ئەو کارنامەیە کە دەیەوێت لە ڕێگەی یەکێک لە هۆکارەکانی چواندنەوە پەیامەکەی بگەیەنێت، وەک دەڵێت:

ئەڵێی لەدەم گورگ بەربووە....43

لە ڕێگەی وێنەی دڕان و شل و شێواوی کەسەکە، یان شڕیەتی جلەکان و شێواوی دوای پەلاماری گورگ، ئەم وێنەیە چوێنراوەو ئەم وتەیەی لێ بەرهەم هاتووە.

یان دەڵێت: لەسەر دڕکە....ل43

یەکێک کە ناتوانێت دابنیشێت و ئارامی و ئۆقرەی لێ هەڵگیراوە، بۆیە لێکچواندن لەگەڵ ئەم جوڵەو بێ ئۆقرەییەی لەگەڵ دانیشتن لەسەر دڕک بەیەک چواندووەو ئەو وێنەو پەیامەی گەیاندووە.

یان: ئەوەی بە بێوە ژنی ئەیکەیت بە کچیەتی بتکردایە....ل54.

ئەم پەندە ئەو ئەرکە دەخاتەڕوو، ئەگەر دەتەوێت ژیانت بە ئاسودەیی و بە دوور لە کێشە بژیت، دەبێت لەخودی خۆتدا، لەپێناو بەدەستهێنانی ئەمانە، دەبێت بەشێک لە خواستەکانت بکەیتە قوربانی، نەک لە دەستت بچێت و دوای هەموو شتێک بکەیت و لە پێناویاندا، لەگەڵ ئەمەشدا باجێکی قورسترت داوە.

**٩-کارنامەی میتافۆڕی:**

مەبەست لەو پەندانەن، کە گوزارشتی میتافۆڕی دەگرنەخۆو تەنها لەم ڕێگەیەوە مەبەست و ئامانجەکانیان نیشاندەدەن، یاخود مەبەست لەو کارنامەیە، کە خودی پەندەکە هەڵگری مانایەکی ترە، کە دەوروبەر، یان کۆنتێکستەکە بەپێی مەبەستەکە دەریدەخات، وەک دەڵێت:

ئاسن گرمەی دێ و ئاردی نییە....ل15.

واتە کەسێک بەردەوام کاردەکات و هیچی دیار نییە، ئەمەش خوێندنەوەی جیاواز بۆ خودی هۆکارەکەی دەکرێ، دەکرێ گەنم نەکرابێتە ئاشەکەوە، دەکرێ لێیبدزرێ و پێی نەزانێ ....تاد، یاخود دەڵێت:

ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ....ل15

ئەم پەندە ئەوە دەخاتەروو، کە لەناو ئەم فەزای ئەم دوو ژینگەیەدا مانایەک بەرهەمدێت، کە جیاوازە لە خودی ژینگەکەی، بۆیە ئەگەرچی ئەم دوانە نزیکن، بەڵام لە دوو جیهانی جیاوازو دوور لەیەک دەژین، یاخود دەڵێت:

بۆق پێوەی بدا نەوعی مار نییە.....ل107

مەبەست لەوەیە ستەمێک، ئەگەر بچوکیش بێت لەکەسێک، کە چاوەڕێی لێ نەکرێت، قورسترو گرانترە، لەستەمێکی گەورەی زاڵم.

**١٠ـ کارنامەی کۆمەڵایەتی :**

مەبەست لەو پەندانەن، کە هەڵگری پەیامێکی کۆمەڵایەتین و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە کاریگەری و جێکەوت لای بەرامبەر دروستبکەن وەک دەڵێت:

ئانە گورزو ئانە مەیدان.....ل18.

مەبەستی ئەوەیە بڵێت شتێک کە ناتوانی بیکەیت، خۆت تێهەڵمەقورتێنە، یان خۆت هەڵمەکێشە، واتە دەیەوێت ئەوە بڵێت مرۆڤ خاوەن پێگەو کەرامەتی خۆیەتی، بۆیە لە هەڵوێستێکدا کە ناتوانیت جێبەجێی بکەیت، ئەم پێگەیەت مەروخێنە.

یان دەڵێت: ئاو بتبات لە پردی نامەرد مەپەڕەوە.....ل19

دەیەوێت ئەو بنەمایە لای مەردەکان دروست و بەهێزبکات، کە مرۆڤی خاوەن بوون و سەربەخۆیی خۆیەتی و پێویستە ڕێز لەم ئیرادەو کەرامەتە بگیرێت، بۆیە هەرگیز لە ئیش و کارێکی وا کە شکۆت بشکێنێ لەگەڵ نامەرد ڕێکمەکەوە، بە مانایەکی تر بەردەوام پشت بە خۆت ببەستە.

یان: ئاو بەشوێنی لێژەوە ناوەستێ .....ل19.

دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە نابێت مرۆڤ دەستبڵاوبێت، چونکە دنیا تەنها یەک دوو ڕۆژ نییە و دەبێ بەپێی بەرنامەی ژیان بڕۆیت.

یان: ئاو لە بێژینگا ناوەستێ......ل20

دەیەوێت ئەو کەلتورە بگۆڕێت کە لای خەڵکانێکی زۆر هەیە و هیچ شتێک لەلایان بە پارێزراوی نامێنێتەوە.

یان:

ئەگەر بە ماڵی، بەمام و خاڵی، ئەگەر بێماڵی بە بیت المالی .....ل26

واتە تا پارەت هەبێ سفرەت قەڵەباڵغە، کە هەژاربوویت خۆشت پێ نابرێ بەڕێوە.

یان ئەگەر ماڵت هەیە کەفیل بە، ئەگەر ئیشت نییە شاهید بە .....ل32.

واتە کەفیل بەرپرسیاریەتییە، ئەگەر ناتوانیت ئەوە دەرئەنجامەکەی کە بەهۆیەوە دووچاری دەبیت مەیکە، یان شاهیدی هێنان و بردنی دەوێ بۆ کەسی کاردار نابێ، نەیکەیت باشترە، یان عەیبدار ئەبێت.

یان : ئەگەر خانەدانیت، لە خانەدانان خەبەرداریت....ل27

یان: پادار بگرە، بێ پێ ماڵی وێمانە ....111

لە ڕوونکردنەوەی ئەم پەندەدا نوسەر ئەوەی نوسیوە، کە کابرایەکی لادێیی مێوژی هەڵخستوە، دوای وشکبوونەوەی قالۆنچە لێیداوە، بۆیە دەڵێ پادار بگرە بێ پێ ماڵی خۆمانە، لە ڕاستیدا ئەم پەندە ڕووداوێکی مێژوویی بووەو کراوە بە پەند، نەک ئەمە، دەگێڕنەوە لە هەورامانی تەخت ئارد بۆ گوندێک باریوە، دەسەڵاتداری ناوچەکەش دەبیبستێتەوە دەڵێت بانگیان بکەن بزانین بۆ ئەمانە ئاردیان بۆ باریوە، ڕاوێژکارەکەی ئەڵێ قوربان با تاقیان بکەینەوە، ئەڵێ مێوژو قالۆنچەی ڕەش تێکەڵ بکەو بیخە بەردەمیان بزانە چی دەکەن، کاتێک خەڵکەکە ئەمە دەبینن دەڵێن پادار بگرن بێ پێ هی خۆمانە، ڕاوێژکاریش دەڵێ قوربان ئەمە لە داماویانە ئاردیان بۆ باریوە، بۆیە مانای پەندەکان بەپێی ناوچە لێکدراونەتەوە، واتە شێخ محمدی خاڵ چۆنی بیستووە بەوشێوازە لێکیداوەتەوە، نەک لەسەر بنیادی ڕووداوەکان، یان هۆکاری هاتنە ئارای پەندەکە، خودی پەندەکەش ئاستی ڕۆشنبیری و ڕادەی دواکەوتویی ئەم کۆمەڵەیە دەخاتەروو.

یان: بەرگی مەڕە، دانی گورگ....89

واتە بە سیماو ڕوکەش کەسێکی زۆرباشە، بەڵام لە ناخدا گورگێکە و لە درفەتێکدا زەبری کوشندە دەوەشێنێ، بەشێوازێک ئەوەی چاوەڕێ ناکرێ دەیکات.

**ئەنجام**

لەئەنجامی ئەم تویژینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

١- پەند شێوەیەکە لە شێوەکانی ئەدەب و خاوەن ڕەگەز و خاسیەتی تایبەت بەخۆی هەیە.

٢- بەکارهێنانی ئەزموونێکی ڕابردووە بۆ ڕووداوێکی ئێستا.

٣- پەند تەنها بۆ کۆمەڵێک خەڵکی، یان چینێک نییە، بەڵکو بۆ هەموانە.

٤- پەند فەلسەفەو ئەزموون و مەعریفەی گەلێک دەناسێنێت .

٥- پەند هۆکارێکی گوزارشتکردنی ئەزموونەکانە، بەشێوەی ڕەوانبێژی و بەشێوازێکی جوان و کورت و پوخت.

٦- بەهۆی بەهێزی و زوو بڵاوبوونەوەو کاریگەری دروستکردن، خەڵکی هانای بۆ دەبات، چ وەک دروستکردنی جێکەوت، چ وەک گەیاندنی مەبەست.

٧-گوزارشت لە عەقڵیەتی کۆمەڵگە دەکات.

٨-پەندەکان بەپێی بیستنیان تۆمارکراون، بۆیە گیانی شوێنەکەیان بەبەرداکراوە.

٩-لەچاو ئەوانی تردا بەوردی و بەزۆری و بەپێی پیتەکان کۆی کردوونەتەوە.

10-لەکۆی بابەتەکاندا پەندی کۆکردوەتەوە، واتە پەندەکان هەمەچەشن و هەمە جۆرن.

**سەرچاوەکان:**

**کوردییەکان:**


ح.س. سۆران(2009)، زمان، وێژە و فۆلکلۆری کوردی، ئێلێکترۆنیک، هەولێر.

خاڵ: شێخ محمد،ب.چ، پەندی پێشینان،چاپخانەی شیڤان،سلیمانی.

رسوڵ، د.عزالدین مصطفی(1970)، ئەدەبی فۆلکلۆری کورد، بەغدا.

ڕەئوف، پ.ی.د.لوقمان(2023)، جێکەوت لە دەقی شیعریی دا، سلێمانی.

هەژار،(1349)، هەمبانە بۆرینە، تهران.


**عەرەبییەکان:**


ابو صوفه،محمد(1980) ، الامثل العربيه و المصادرها فى التراث، مكتبه الاقصى، عمان، ط1.

ابو على، د. محمد توفيق(1988)، الامثال العربيه والعصر الجاهلى، دار النفائس، لبنان.

بلبالى، عبدالله و ذبيه العيد ،(2016)، الوظائف الدلاليه فى الامثال الشعبيه، رساله ماجستير، جامعه ادرارالجزائر، قسم اللغه والادب العربى.

التوحيدى، ابو حيان ، (2003)،لإمتاع والمؤانسة، دار الكتب العلميه، بيروت لبنان.

توفيق، د. امين اسماعيل،(1992) الامثال و توظيفها من الشعر الجاهيلى، المجلد الثامن، العدد الثالث، الحوليه كليه الدراسات الاسلاميه و العربيه، الاسكندرييه.

الجرجانى، (1981)، عبدالقاهر دلائل الاعجاز فى علم المعانى، بيروت، دار المعرفه.

جلاوجى، عزالدين، (1981)،الامثال الجزائريه بسطيف، مديريه الثقافه بسطيف.

زلهايم، رودلف (1971)، الامثال العربيه القديمه، ت د. رمضان عبدالتواب، موسسه الرساله، بيروت.

شعلان، ابراهيم احمد(1972)،الشعب المصرى، من امثاله العاميه، الهيئه المصر، للكتاب.

صليبا، د.جميل:2013، علم النفس،دار الكتاب اللبنانى للطباعه و النشر.

عبيد، د. أحمد عبد الغفار،(1987)، أمثالنا الموروثة قيمتها الأدبية والفكرية ودلالتها على شخصية الإنسان العربي، دار المعرفة الجامعية.

العسكرى، ابو هلال، (1964)جمهره الامثال، الموسسه العربيه الحديثه القاهره، ط1.

القريشى، ابى زيد محمد بن ابى الخطاب،(1981)، جمهره اشعار العرب الجاهيلى و الاسلام، مكتبه النهضه، مصر.

قطامش، د. عبدالمجيد،( د. ط) الامثال العربيه، دراسه تاريخيه تحليليه، دار المامون للتراث، دمشق.

القلقشندى، ابى العباس احمد ، ( 1981)صبح الاعشى، دار الكتب المصريه، وزاره الثقافه.

مرتاض، عبدالملک(1982)، الامثال الشخصيه الجزائريه، ديوان المطبوعات الجامعيه، الجزائر.

يعقوب، اميل بديع،(1980)، الامثال الشعبييه اللبنانيه، بيروت.

اليوسى، الحسن بن مسعود (1981)،زهر الاكم فى الامثال و الحكم، دار الثقافه الدار البيضاء،المغرب.

**الملخص:**

يعتبر الأدب الفولكلور او الشعبي علماً مستقلاً وله مكانة قوية في دراسة التراث الشعبي للأمم، إن المثل يحتل مكانة هامة في الدراسات الفلكلورية، لأنه موروث ثقافي و الخلفية الثقافية للشعوب ولا يمكن التخلي عنه أبداً، وله أجندات كثيرة مختلفة ومعاني مختلفة وعامة ....إلخ و إن المثل يعتبر جزءا لا يتجزأ من التراث الشعبي الذي يتداوله أفراد المجتمع جيلا بعد جيل عن طريق الرواية الشفوية و هو الذاكرة الحية والمتحركة للشعب، لأنه يتلقى المخلفات الثقافية شفهيا، ويتداولها جيلا بعد جيل، يحفظها في الذاكرة الجماعية، وهذا هو السبب الذي ضمن خلودها بين فئات المجتمع.

يعمل هذا البحث على وظائف الأمثال بشكل عام و وظيفه التي أصبحت جوهر المعاني والدلالات في أمثال الشيخ محمد الخال، مع تحديد أنواع الأمثال على التصنيف الذي حدده (رودولف زلهم). كما يناقش مفهوم الأمثال وتعريفها وتطورها مع الغرض منها وأهميتها بالإضافة إلى ذلك، وفقًا للثقافة القديمة، تم تحديد أنواع الأمثال، والتي تجد نفسها بشكل عام في الأمثال القياسية (النثرى والشعرى و الفلسفي وغيرها).

**Abstract:**

Folklore or popular literature is considered an independent science and has a strong position in the study of the folklore of nations. The proverb occupies an important place in folklore studies, because it is a cultural heritage and the cultural background of peoples and can never be abandoned, and it has many different agendas and different and general meanings...etc. The proverb is considered an integral part of the popular heritage that members of society circulate generation after generation through oral narration, and it is the living and moving memory of the people, because it receives cultural remnants orally, and circulates them generation after generation, preserving them in the collective memory, and this is the reason that ensures their immortality. Between groups of society.

This research works on the functions of proverbs in general and their function, which has become the essence of meanings and connotations in the proverbs of Sheikh Muhammad al-Khal, while identifying the types of proverbs according to the classification defined by Rudolf Solheim. It also discusses the concept of proverbs, their definition and development along with their purpose and importance. In addition, according to ancient culture, the types of proverbs were identified, which generally find themselves in standard proverbs (prose, poetic, philosophical, etc.).